

دکتور رێبوار فەتاح

http://sharpress.net/Direje-Qalam.aspx?Jimare=8731

**قووڵبوونەوەی کێشە سیاسییەکان ئابووریی‌و ئاسایشی سلێمانی دادەڕمێنێت**

هەموو لایەك بەرپرسن لەدارمانی باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ئارامی ناوچەی سلێمانی.

لەگەڵ قووڵبوونەوەی گرفتی لایەنە حوکمڕانەکان‌و باڵادەستەکانی ناوچەی سلێمانی، قەیرانەکان ئاڵۆزتر دەبن‌و سلێمانی، نەك تەنیا لەسەر ئاستی کوردستاندا زۆرتر گۆشەگیر دەبێت، بەڵکو لەئاستی ناوچەکەو جیهانیشدا پەراوێز دەخرێت. ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر وەبەرهێنانەرانی نێودەوڵەتی لەپارێزگەی سلێمانی‌و ناوچەی گەرمیاندا.

بەشێکی زۆری گرفتەکان گرێدراوی کێشەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن، چونکە فایلی ئاسایش، بازرگانی‌و ئابووری ناوچەی سلێمانی‌و گەرمیان لای ئەم هێزەیە. هەرچەندە پێشتریش هێزێکی سیاسی تەبا نەبووەو ئەنجنئەنجن بووە بەباڵباڵێن، بەڵام دیارە لەدوای شکستەکەیەوە لەهەڵبژاردنی سێپتەمبەردا، ناتەبایی نێوان باڵ‌و کەسە دەسترۆشتووەکانی ناو یەکێتی بەتەواوی رەنگیداوەتەوەو قووڵبووەتەوە.

یەکێتی تەنیا هێزێکی سیاسی نییە، بەڵکو بڕبڕەی پێشتی ئابووری ناوچەکەیە، بەو هۆیەوە کە زۆربەی کۆمپانیا زەبەلاحو سێبەرەکان سەر بەباڵ‌و کەسە دەسترۆشتووەکانی ناو یەکێتین. هەروەك فایلی ئاسایشی ناوچەکە بەدەست یەکێتییەوەیە.

هیچ رووناکییەکیش لەوسەری ئەم تونێلەوە نابینرێت‌و پێدەچێت تابێت گرفتەکانی ناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان قووڵتر ببنەوەو ئەمانەش کاردەکەنە سەر باری سیاسی‌و ئابووری سلێمانی، زۆر زەحمەتی دەکات بۆ وەربەرهێنەرانی ناوچەکەو نێودەوڵەتی پوڵ‌و دەرامەتی خۆیانی تێدا بخەنە گەڕ. ئێستا، زۆربەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان یان پلانی تریان هەیە بۆ وەبەرهێنان یان چاوەڕوانی باری سیاسی دەکەن یەکلا ببێتەوە.

ئەم دۆخە سیاسییە شڵەژاوە دەرئەنجامەکەی دۆخێکی ئاسایشی نائارامو رووتانەوەی سلێمانییە لەوەبەرهێنانی نێودەوڵەتی، کە ئێستا ئاشکرا دیارە.
تەقەکانی ئێوارەی 22ی سێپتەمبەری ئەلبیسەکە، پێگەی سلێمانی، وەك نێوەندێك، لای بازرگانانی نێودەوڵەتی لەق کرد. دەرکەوت، لایەنە سیاسییەکان خەمی پلەو پایەی خۆیانە، نەك خەمی قووتی سەدان هەزار کەسی ئەو ناوچەیەی کە خۆیان بەدڵسۆزی دەزانن. لەپرۆسەی دیموکراتیدا، هێزە سیاسییەکان هێندەی دەبیەنەوە؛ هێندەش دەکرێت بیدۆڕێنن، بەڵام کە دۆڕانیان، بە خۆیاندا دەچنەوەو ریزەکانیان یەکدەخەنەوە؛ نەك پەلاماری یەکترو رکەبەرەکانیان بدەنو هەوڵبدەن ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگۆڕن. کێشەکە لەئەنجامەکاندا نییە، بەڵکو لەهێزە سیاسییەکاندایە.

لەدوای هەڵبژاردنیشەوە، لەناوچەی سلێمانی، کۆمەڵێك تاوان کران، کە دانیشتوانی سلێمانی زەرەرمەندی یەکەم بوون. تەقەکردن لەکەسێکی وەبەرهێنەری وەك شاسوار عەبدولواحید کارەساتێکی گەورە بوو. کۆمەڵێك رووداوی تری تەقەکردن لەدوای هەڵبژاردنەوە روویاندا، کە هەموویان ناوچەی سلێمانیان لای وەبەرهێنەرانی دەرەوەو ناوچەکە رەش کرد.

گرنگ نییە چ لایەنێك بەرپرسە لەم کارە شێوێنەرانە؛ بۆ کەسێك کە لەدەرەوە دەڕوانێت، گرنگ لای ئەوەیە کە لەم پارێزگایەدا ئاسایش نەپارێزراوە. دیارە ئارامیو ئاسایش پێویستن بۆ وەبەرهێنان.

هەڵبەت ناکرێت ئەم دۆخە بەم شپرزەییە بەردەوام بێتو پێویستە رۆشنبیران، کۆمەڵگەی سیڤڵ، رێکخراوە مرۆدۆستو لایەنە سیاسیو کەسە خەمخۆرەکان بەبارزگانەکانیشەوە هەڵوێستێکی تەبای توند لەم نائارامییە وەربگرن.

چەند هەنگاوێکی گرنگ هەن کە دەبێت بهاوێژرێن بۆ هێوارکردنەوەی ناوچەکەو باوەڕپەیداکردنەوەی لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم هەنگاوانەش کاری هەموانە.

دەبێت یەکێتی دان بە شکستەکەی هەڵبژاردنەکەیدا بنێت. یەکێتی ناکرێت بەنزیکەی لەسەدا 20 دەنگەکان، حوکمی پارێزگای سلێمانی بکات. پێویستە ئەنجوومەنێکی نوێ بۆ پارێزگای سلێمانی هەڵببژێرێت. خۆ گەر هەڵبژاردن لەکاتی ئێستادا بەهۆکاری تەکنیکی پیادە ناکرێت، پێویستە هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی پارێزگاکە کۆببنەوەو بەپێی دەنگەکانیان، کە لەهەڵبژاردنی سێپتەمبەردا بەدەستیان هێناوە، پشی خۆیان وەربگرن. ئەمە دەکرێت راڕەوێك بێت بەرەو ئامادەکاری هەڵبژارنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە6 مانگی دواتردا.